کەنارێ گڕ ئەگرێ.. شیعر/ کاوە عوسمان عومەر

(١)

نمەیەکم بە
پێم ووت
چیتر بارانم ناوێ

(٢)

هاوڕێ ، لە یادتە
تۆ ئەتووت
هاژەی زستانی
غوربەت
وەک دۆزەخێ
لە کڵپەو مسی تواوە و ژەهر ، زیاتر
ڕۆح ئەسوتێنێ
لە یادتە
لە وێندەرێ
لە کوچە تەماویەکانی
لاوێتی، لە باوەشی سەرماو
ئازار و برسیتی و خەما
لە نۆشینی تریاقی عیشقی کوژەرا
بۆ تنۆکە عیشقێکی نائومێدی
ئەتواینەوە،
گەمەمان ئەهات
بە سەرماو تەزینی نیو سنەوبەرە خەواڵوەکانا
لە سرووتی قەشەنگی سەرهـەڵگرتوومانا
زەردەمان ئەهات
بە پۆڕە قازو قوڵنگە تەرەو کێویانەی
لە ئێوارە ئاڵونیانەی
سەر کەناری گڕا
بەسەرمانا تێئەپەڕا

(٣)

دەشێ، مردبێتم
بۆيە گوێم
لە زەنگی
هاتنی
گالیسسکەکانی
غوربەتی جوانی غەمگینیتە

(٤)

لە دوای وەرینی
پەنجە پەمەیی و پرتەقاڵیی
دارچنارە بیرچوەکانی
دارستانی پایزەی ڕوخسارت
تۆ بڵێی لەم دوورستانە
خواوەند شتێ بکا؟!..یان!..مانەوە
باشترە لەم ئەفسوونی کەناری گریاناویە
ئای!چەند جوانیەکی بەئازارە
کە دەزانم
گەر نەشیەیتەوە
کەشتی ئەرخەوانی کازیوەیەک
ڕۆحی پڕ ئەشکەنجە
بۆ پشت کێوەکانی
هەڵاتنی خۆری
نیگای چاوت ئەبا

(٥)

چونکە ئەتوانم
بە زمانی باران بدوێم
جارێکی تر عیشق ناکەم
چونکە عاشق بوون
مەست بوونمە
بە هاژەی مۆری پایزێکی
جەستە خەڵتان بە خوێنی دووری
بوونمە بە تۆفان
بە بروسکە ی
تیژ، وەک شمشێری دەستی ئافات
جارێکی تر وونبونمە

بـ□و د□رچ□ کریستا□یـ□ فرمیسکاویا ن□ی
سپید□ یـ□ک
لـ□ بـ□□ا و س□رهـ□□گرتن و ف□وتان